www.kurdistannet.org
15/05/2003 00:22

به ناوی کوردستانی گەورە !

# حاج ئەمروڵلا ! ماشەڵلایەك،هەزاران ئیشەڵلا دێنێ

ح. س. سۆران
soran909@hotmail.com

بیلامانێ لە شاری شەشەکانی وڵاتی سێ برایان، کابرایەکی مۆن و بیر کۆن سەرۆکی شارێک بو، کە پەرژینی قایم بێ، نە رابوردوی قەبووڵ بو و نە کاتی ئێستا. چون پێی وابو، پێیشینان، تەنانەت حەزرەتی مووساش، گشتیان زایۆنیست بوون و خەڵکی ئێستاش، بۆ دەرمانیش ئادەمیستیان تێدا نیە. ئەم کابرا رووتاڵە، کە ناوی ئەمرڵلا فەردازادە بو، پێی خۆش بو هەمیشە پێی بلێن حاج ئەمروڵلا، نەک " آقاي امرالـلة فـردازاده".

حاج ئەمروڵلا، پێی وابو کە گوێیان بۆ عەقل داناوە، هەر لەبەر ئەمە تەواوی هێزی چاوی خۆی دابوە دەم و لچی. تا بلێی بەرزوێژ (بڵیندگۆ) پشی خۆش دەویست، هەر لەبەر ئەمە وەک شووتی فرۆشی گەڕۆک، هەمیشە بەرزوێژێکی پێ بو و کاتیک بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا تێدەپەڕی، لە هەر جێیەک بە پێویستی بزانیایە، بە دەعیەوە دەچوە پشت ئەو بەرزوێژە نزمە و دەستی دەکرد بە وتنی قسەی هومێداوی بۆ خەڵکی بێ هومید. بۆ ئەوەش کە خۆێ لەدەستی شەیتان ومەیتانی فاسق بپارێزێ، پایەی بەرزوێژەکەشی دەکرد بە گۆپاڵ، تا هەرکەس بلێ پشتی لێوت سمێڵ نیە، حەیاتی مچەکەڕی لێ ببڕێ. بەویان وتبو، دێمۆستێنی قسەوێژی بەناوبانگی یۆنانیش، کاتی قسەکردن لە پشت قەڵای ئاکرۆپۆلیس، بۆ ئەوەی کە خۆی لە دەستی هێرکوولی زەلامی *لەندەهۆر*، ئافرۆدیتی دەمەوەری قژن و میرزا گزینێفونی دەمنەوێستاو بپارێزێ، یەکێک لە دار زەیتوونە گرێدارەکانی دوڕگەی رۆدێزی، وەک سەگرەوێن دەگرت بە دەستەوە.

چون حاج ئەمروڵلا، منداڵی موستەقبەلی نەقڵێ (داهاتو) بو، تەواوی وتارەکانی لە سەرتەوەرەی خەیاڵپلاو دادەمەزراند. رۆژێک کە لە یەکێک لە کۆڵانەکان چوبوە سەر سەکۆی خەیاڵکوژی وتار، وەک هەمیشە پشتی کردبوە کاتی زەردی حازر و باسی داهاتوی سەوزی دەکرد، وتی :

ئیشەڵلا لە داهاتودا، تەواوی چاڵو چۆڵی شەقامە تاریکەکانی ژیانی هاوشاریان بە چیمەنتۆی پتەوی مووچە پڕدەکەمەوە ؛ ئیشەڵلا بێکارەکان بە جێی خۆیان، کار بۆ تەواوی خاوەن شوغڵە بێکارەکانیش پەیدا دەکەم، ئیشەڵلا کارێکی وا دەکەم ئیدی خەڵک بۆ ئەوەی کە ژیانی ئابووریان بچەرخێ، نەبن بە ئاکرۆبات، تەردەست و مەردەست و موعجیزەگەرو شتێ وا ؛ ئیشەڵلا ئیدی مەجبوور نابن لەبەر ئاتاجی ببنە هونەر پیشە یەکی وەک چارلی چاپلین و هەر خولەکێک سیپاڵی کەسایەتیان بگۆڕن ؛ ئیشەڵلا وای لێ دێ کە ئیدی مەخاریجی خەڵک، فەقەت پێنج بەرانبەری داهاتیان دەبێ ؛ ئیشەڵلا ئیدی کچان و کوڕان بێ ئەوەی کە بوغچەی کچێنی و کوڕێنیان بکرێتەوە وا پیر ناین، کە ببنە پیرێژنی فەرهاد کوژ و خدری زیندە ؛ئیشەڵلا کارێکی وا دەکەم کە ئیدی خەڵک تەنانەت درۆ لەگەڵ خۆشیان نەکەن، ئیشەڵلا، ئیشەڵلا، ئیشەڵلا، ئیشەڵلا، ئیشەڵلا، ئیشەڵلا...

کابرایەکی شەشەکانی یەکلاقەبا، کە پاش رووتەوکردن تەشتی زێڕی نابو بە سەر دوندی تەوقی سەریەوە و دەرگەی ئەم باغە سەو زانەشیان لە دوورەوە زۆر نیشان دابو، لە بن لچەوە، جۆرێک کە لەو نەختەنەختەش نەکەوێ، وتی : جارکیش بفەرمو، ماشەڵلا ئەو کارەشمان کردوە.

*حاج ئەمروڵلا ! ماشەڵلایەک، هەزاران ئیشەڵلا دێنێ.*

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.